**وەزارەتی پلاندانان**
**ژمارە : ٢ لە ٢٠١٦/١/٧**

## ڕێنمایی ژمارە( ١ )ی ساڵی ٢٠١٦

بەمەبەستی جێبەجێکردنی فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٩٠٥١) لە بەرواری ( ٢٠١٥/١١/٢٩) بڕگەی سێیەم پێویستە لەسەر گشت وەزارەت و دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیڕەوی ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە بکەن کە لەلایەن وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی دارایی و ئابووری ئامادەکراوە:-

**یەکەم: کۆتایی پێهێنانی پڕۆژە :**

ئەو پڕۆژانەی کە لە بڕگەی یەکەمی فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٩٠٥١) لە بەرواری (٢٩-١١-٢٠١٥) کە خاوەن کار (وەزارەت و دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان) و بەڵێندەر دەیانەوێت کۆتایی بە گرێبەستەکەیان بهێنن بەم شێوەی خوارەوەدەبێت:

١- پێویستە بەڵێندەر بە نوسراوی فەرمی داوا لە وەزارەتی پەیوەندیدار (خاوەنکار ) بکات بۆ هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی پڕۆژەکە.

٢- پاش ڕەزامەندی وەزارەتی پەیوەندیدار(خاوەنکار) بە هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکە دەبێت فۆرمی زانیاری پڕۆژە بۆ کۆتایی هێنان بە گرێبەست کە لەلایەن وەزارەتی پلاندانان ئامادەکراوە پڕ بکاتەوە لەگەڵ داواکاری بەڵێندەر بۆ وەزارەتی پلاندانان بە نوسراوی فەرمی ڕەوانەی بکات بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی .

٣- پاش پەسندکردنی وەزارەتی پلاندانان بە کۆتاییهێنان بە گرێبەستەکە پێویستە خاوەنکار لیژنەیەك پێکبهێنێت بە فەرمانی وەزیر ، پارێزگار ، سەرۆکی ئیدارە یاخود سەرۆکی فەرمانگەی نەبەستراو بە وەزارەت بە مەبەستی جێگرکردنی باری پڕۆژەکە (تثبيت واقع الحال) و ئامادەکردنی پاکتاوی دارایی نوێنەری بەڵێندەر لە لیژنەکەدا بەشدار بێت.

٤- لەکاتی ئامادەکردنی پاکتاوی دارایی تەنها ئەم خەرجیانە ئەژماربکرێت :

أ- ئەژمارکردنی ئەو کارانەی کە تائێستا ئەنجامدراون بەپێی ئەو کرێ و نرخانەی لە بەڵێندەرایەتیە کەهاتوون.

ب- تێچووی کێشانەوەی ئامێرەکان و کرێکاران لە ئەستۆی بەڵێندەر دەبێت و نابێت لە پێوانەی کۆتایی ئەژماربکرێت.

ج- ئەو کەل وپەل وکەرستانەی کە بۆ بەکارهێنان لە پڕۆژەکە راسپێردراون بۆخاوەنکار بگەرێندرێتەوە و تێچووەکانیان لە پاکتاوی کارەکان ئەژمار بکرێت.

٥- وەزارەتی پەیوەندیدار پێوانەی کۆتایی هێنانی پرۆژەکە ئامادەبکات و شایستە داراییەکانی بە ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ خەرج بکرێت و وەزارەتی پلاندانان لێ ئاگاداربکاتەوە بە هەبوونی تەرخان لە لیستی پرۆژەکانی وەزارەتی پلاندانان .

٦- بۆ هەر پرۆژەیەك کە بڕی شایستەی کۆتایی بەڵێندەر کە لای خاوەنکار زیاتر بێت لە (٥٠٠,٠٠٠,٠٠٠) پێنج سەد ملیۆن دینار دەبێت ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی و ئابووری وەربگرێت .

٧-گەڕانەوەی(ئەمانەت)ی ئەو پرۆژانەی کە کۆتاییان پێدەهێنرێت بە شێوەی چەك .

٨- خاوەنکار کاری پێویست ئەنجام دەدات بۆ پاراستنی پرۆژەکە و ئەو کەل وپەل وکەرستانەی کە بۆ بەکارهێنانی پرۆژەکە کە لە شوێنی پرۆژەکەن یاخود لەهەر شوێنێکی تر بێت .

٩-بەڵێندەر دوای کۆتایی هێنان لە لایەن دادنووسەوە بەڵێن بدات بە حکومەت کە داوای قەرەبوو نەکات .

**دووەم : ماوەی زێدەکی :**

أ- خاوەن کار ( وەزارەت و دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ) ماوەی شایستە دەبەخشێتە بەڵێندەر دوای لێدەرکردنی بڕی (٢٤٠) دوو سەد و چل ڕۆژ قەرەبووکە لەساڵی ٢٠١٤ ئەژمارکراوە.

ب- بەڵێندەر داوای قەرەبوو نەکات و بۆ ئەم مەبەستە بەڵێننامەیەك لەلایەن دادنوسەوە بدات بە ( خاوەنکار ) وەزارەتی دارایی و ئابوری لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان لە کاتی پێویستدا ڕێنمایی تر لەسەر فەرمانی (٩٠٥١) دەردەکات .

**ڕوونکردنەوە:-**

ئاماژە بە فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٩٠٥١) لە ٢٠١٥/١١/٢٩ و ڕێنمایی وەزارەتی پلاندانان ژمارە (١) لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/١/٧ بڕگەی دووەم ، بە پێویستمان زانی کە ئەم ڕوونکردنەوەی خوارەوە بدەین لەسەر زێدەکی پرۆژەکان:-

١- ئەو بەڵێندەرانەی کە بەهۆی قەیرانی داراییەوە پێشینەکانیان وەرنەگرتووە لە خاوەنکارو بەهۆیەوە لە ئەنجامدانی کارەکانیان دواکەوتوون ، لە سزای دواکەوتن دەبەخشرێن.

٢- ئەو بەڵێندەرانەی کە بەهەمان هۆکاری خاڵی (١) دواکەوتوون و سزای دواکەوتنیان لێ وەرگیراوە ، بۆیان بگەڕێندرێتەوە.

د.علی سندی

وەزیری پلاندانان